# بەئاینیکراو نەك ئاینخواز !؟ *

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

بەسەرنجدان لە رووداوەکانی تیرۆرو گەورەبونی ڕووبەری کارەساتەکان و گۆرینی ماسك و شێوازو دەموچاوەکانی کە هەرجارەو داهێنانێکی نەگەتیڤ و پاسیڤ بەرهەم دێنیّ بەرانبەر قوربانیەکان، داخۆ ئەبێت چ رێگەیەك بگرینەبەر؟  ئەبێت رووداوێکی وەکو دیاردەی (شێخ زانا) هەڵوەستەی جدییمان پیّ بکات نەك هەر لە سەر ئاستی مەعریفەی ئاینی بەڵکە لە سەر زۆر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی کە دەشێت گوتاری فەتواو متمانەو عەقائیدیشمان بگۆرێت بەرەو ریفۆرمێکی ریشەیی لەناو خودی چەمکە ئاینیەکاندا.

هەمیشە کاتیّ تیرۆرو تیرۆریسم دەموچاوو نەخشەکانی خۆی ئەگۆرێت ئەی ئێمە چی ئەگۆرین؟ ئەم پرسیارە لەگەڵ سادەییەکەیدا هەڵگری دەلالەتگەلی قوڵە لەو دونیا خەوتوەی کوردیی کە واهەست ئەکات تیرۆر ئیستیرادەو زادەی فاکتەرەدەرەکیەکانەو کۆمەڵگای کوردی (وکر) هێلانەی ئەو گەرایانەی تێدا نابێتەوە، ساتەوەختی ئیبداعەکانی تیرۆرو نەهجی کوشتنەکانی ئەوان بەرانبەرئێمەی قوربانی هاوشێوەی ئەو گروپە وەحشەتناکە کە هات بەجاریّ گومانی خستە سەر هەر بەرائەت و پاکیزەییەك، دەبیّ لێرەوە هەڵوێست بگرین بۆ وەزیفەچییەکانی دەسەڵاتیش تا بەخۆیاندا بچنەوەو پێیان بوترێت دەسەڵات و ئیدارە بۆخۆی هونەری خۆ بەرێوەبردنێکی سیستماتیکەو دەشێت سەرەنجامی گەندەڵی ئیداریش دواجار رامانکێشێتە ناو فەزایەك کە شیرازەکانمان بەتەواوی تێك بدات، هەمیشە ووتومە ئەبێت دەزگا مزگەوتی و مەکتەبی و تەشریعیەکانی ئێمە ئاین وەك خۆی بناسیّ و پێناسەی کاراکتەرەکانیش بەتەواوی بکا، ئایا کاراکتەرەکانی ناو وەزارەتی ئەوقاف وەزیفەسەرەکیەکانیان چییە؟  ئایا لە غیاب و ئەکتیڤنەبوونی ئەو وەزیفەیەدا نییە کە خەڵکانێکی نەشارەزاو سوختەی جاهیل ممارەسەی شەهوەت و شەرانگێزیی و سیاسەت بەئاینەوە بکەن؟ ئیرۆسیەت و سادیەتی تاقمێك بۆ غەریزەیەك بگاتە ئەو ئاستە کوێرانەیەی کە مەرامی ئاینی بکەنە ئاڵتەرناتیڤی حەزێکی شێت و گوایە جیهاد ئەکەن و موخابەراتی ئیسلامی دروست ئەکەن، بۆ ئەم رووداوە هەر ئەوەندە ئەڵێین دەکرێت لەپشت هەر رووبەرێکی تاریك و کەشفبوەوە روبەرێکی تاریکی تر هەبێت و پێویست بەکەشف بوون بکات!

دەبێت ئێمە پۆلێنێك بکەین و مرۆڤی ئاینی کە هەموومان بارگاوین بەم ئاینە و کەم تازۆر ئاینین جیا بکەینەوە لە مرۆڤی ئاینداری حەقیقی ئەم موعادەلەیەی مرۆڤی ئاینی نەك ئاییندار لەم کولتورو فەزایەی ئێمەدا دەبینی بۆتە بنەماو رێورەسمێکی تەقلیدی و وەك نەریت و ئەخلاقێکی ئاینی وەرمانگرتوە نەك وەك بیرکردنەوەی تاك و کۆی خێزان ، واتە دەشێت لەخێزانێکی چەپ و عەلمانی و سکۆلاری دوور لەدینیش ئەم رێورەسمە ئاینیە هەبێت و ئامادەبێت، ئەم پەروەردەو کولتورە ئاینیە دەشێت سەرەتایترین رەچەڵەکی پەروەردەییمان بێت، واتە تاکی کوردی بێئەوەی بەخۆی بزانێت دین وەکو پەروەردەو مۆدیلێك وەر ئەگرێت، تا دواتر کەشێکی پێگەشتوترو ئارامتر ئەخولقیّ کەدەشی بەکەشی پاش ماڵ و فەزای خێزانی تەماشای بکەین ئەویش پەروەردەی قوتابخانەیە وەك ئەڵێن ماڵی دووەمی منداڵ کەئەم ماڵە بریتیە لە برێك ماتەریاڵی وشك و تیۆری و پەروەردەیەکی جەبری، پەروەردەیەك بۆنی هیچ ئازادیەکی لێنایەت گۆشکردن و پێگەیاندن بەترساندن سەراپا پۆلەکان و زاکیرەی مناڵەکانمانی داگیر کردوە،  تەختەیەکی رەش وێنە بەرچاوەکانی ئێمەیە ، ژورێکی ساردی نائارام ، تۆتالیتاریەتی دارو مامۆستاو پەروەردەی توندی ناهاوسەنگ کە دەشێت کاریگەریەکانی ئایندە دەربکەون لەسەر مێشکی قوتابی و بەتێپەربوونی تەمەن،  قوتابیەك دەردەچێت کەبیروڕاو ئایدیاکانی خۆی لەسەر خەیاڵ و تیۆرێك بینا دەکات کەباکگراوندەکەی دەرس و پەروەردەیەکی شێوە ئاینیانەیە بەلام چۆن ئاینێك؟ ئەو ئاینەی خۆی رادێنیّ لەسەر هونەری کوشتن و پرۆڤەی خوێنبەربوونی خەڵکی بێتاوان و تەقینەوەو هۆمۆسێکسوال ( لواطة ).

لەتەقسی ئاینیدا ئایندەیەکی ئیدیالی خۆش یان ناخۆش چاوەڕێی مرۆڤەکان ئەکات بەهەمان شێوەش لە نێوەندی پەروەردەی ئێمەشدا یان پلەی بەرزو دەرچونێکی خۆش یان سەرەنجامێکی ترسهاوەرکە زۆرجار بە کوشتنی قوتابیەکە کۆتایی دێت وەك چۆن ناوەناوە ئەم دیاردەی خۆکوژیانە ئەبینین، ئەمە بەو مانایە نیە بلێین مامۆستاکان مرۆڤی توندوتیژ پەروەردە دەکەن ئەوەندەی مەبەستمانە بلێین مامۆستاکان دەرونمان رادێنن بۆ توندوتیژی، وە کولتوری پەروەردەکردنی ئێمە سەقەتەو دەبێت بگۆردرێن و چاکبکرێن، بەخۆداچونەوەیەکی لە رادە بەدەری ئەوێت تا ئاستی ریفۆرمی ئاینی و پەروەردەیی لە سەر ئاستی قوتابخانەکانمان، لەم دەرسە ئاینیانەدا قوتابی کورد دەبێتە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی نەگۆڕ کەوەك وەرگرێکی چالاك مێشك و هەستەوەرەکانی دەجولێت لەگەڵ کۆمەڵێك چەمکی توندی ئاینیانەو خێرا ئەزبەریان دەکات ( للحفظ) لێرەوە کەسی وەرگر قوتابی و خوێندکاری کورد رام دەبێت بۆ ئەم وانەیە بێئەوەی مامۆستاکەی هیچ هوشیاریەکی بداتێ ، وەك ئەوەی مرۆڤێکی نەخۆش بچێتەلای پزیشك و کۆمەڵێك دەرمانی بۆدابنێت و هیچ رەچەتەیەکی بەکارهێنانی پێنەڵێت؟ ئینجا مامۆستای ئاینی لەم کولتورەی ئێمەدا کەسی پسپۆر نیەو لەسەر بنەمایەکی زانستی و سایکۆلۆژی نایەت ئەم دەرسانە بلێتەوە ئەوەندەی وەك وەزیفەیەك و بەجێهێنانی ئەرکێکی حکومی یان ئاینی ئەم کارە دەکات، هەربۆیە چاوەروانی سەرەنجامە ترسناکەکانیشی ناکات و خراپترین شت کەلەم دەرسانەدا دەبینرێت ئەوەیە راستەوخۆ ئەتبات بۆ رقێکی سیستماتیك بەرانبەر ئەویتر کەهەڵگری هەمان ئاین نیە واتە چەمکی تەساموحی ئاینی بەتەواوی مانا وون (غائب) دەبێت.

لەکاتێکدا تەساموح و لێبوردەیی ئاینی رەکیزەترین پایەکانی دینداریەو ئەمە کرۆکی ئاین و خودی قورئانە (لااکراه فی الدین قد تبین الرشد من الغی) (لکم دینکم ولی دین) ئیسلام بەزۆری ئیشی لەسەر ئەوەکردوە کەئاینەکان رێز لەیەکتری بگرن ویەکتایی و وەحدانیەتی پەروەردگار بپارێزن، چونکە لەمەسەلەی کوفرو سزای دوایشدا خوای گەورە خۆی حاکمی موتڵەقەو حاکمیەتی سەرئەرز هیچ شەرعیەتێکی نییە، کەواتە بکوژو تیرۆریستە بەناو دیندارەکان خاوەنی بچوکترین شەرعیەت نین، ئیدی فێرکردنی نەوەیەك رقی لەئەمریکاو کولتوری غەرب و ڤاتیکان و جولەکە و نەصرانی و صابیئە بێتەوە جگە وەحشەتی نابینایی و نائاینی هیچی دیکە نییەو بگرە بۆنی لادان و مەعسیەت و ئینحرافی دینی لێدێت. ئەمەیە سەرگەردانیەتی مەنهەج و قەیرانی فکری ئیسلامی، ئایا پرسیومانە ئێمە چ کاتێك دەتوانین یەکتری قبوڵ بکەین و گیانی پلورالیزمی ئاینی پەرە پێبدەین و چەمکە نوێکان وەك خۆی راڤە بکەین و وەربگرین؟ بەهەرحاڵ تاك لەم حاڵەتانەدا کەوەستاوە لەبەردەم جەبری پەروەردەیەکدا لەنێو کۆمەڵێك ئیختیاری عەقڵی و مەنهەجیدا نیە واتە (مخیر) نیە بۆ ئەو پەروەردەیە ئەوەندەی (مسیر)ە بۆ وەرگرتنێکی عەفەویانەو لێرەوە کەسی (ئاینخواز) و کەسی (بەئاینیکراو) ئەخولقێ کەیەکەمیان کەئازادە لەوەی کەچ ئاین و مەفاهیمێك هەڵبژێرێت و چۆن لایەنە عیبادیەکانی مومارەسە بکات و چۆنیش پەرستشی ئازادانەی بکات و پەرە بەلایەنە رۆحی وفەزا ئاینی و عیرفانیەکانی بدات و دڵنیام ئاین لەم حاڵەتەدا بەرەنجامە پۆزەتیڤەکانی دەرئەکەون وتاك لێرەدا شوناسێکی ئاینیانەی دەبێت بەفیعلی، کەسی دوەمیش (بەئاینیکراو) (بەزۆری غەریزەو شەهوەت و پارەو غەراکردن) رادەکێشێتە نێو خەیاڵدانەکانی خۆی وبێ رازیبون و ئازادی خۆی دەکرێت بەمرۆڤێکی ئاینی هەروەك لەکۆمەڵگای شەرقیدا ئەم جۆرە مرۆڤانە بەزۆری دەبینین کە بەتەنها وەك ناسنامە موسوڵمانن ئەگینا خاوەنی هیچ روئیاو دیدێکی ئاینی نین ومەحسوبیشن لەسەر دین، بۆیە دواجار هەر لەسەر ئەم ئینتیما شێواوو سەقەتە بیرو بۆچونەکانیان دادەرێژن وبێ هیچ بنەمایەك فەتوا دەردەکەن وخۆیان دەکەنە مەرجەع وتیرۆرو کوشتوبڕ پەیرەودەکەن وخۆیان بەراستەقینەترین کەسی سپێشڵی موجاهید ئەدەنە قەڵەم و دواجار کارەساتی مرۆیی ئەخولقێنن و کەسیش نیە بڵێت ئەم پەروەردەو سلوکە چۆن هات و زادەی کام بیرکردنەوەیەو ئەی کێ لێی بەرپرسە؟ ئەی کێ ئەمانە ریفۆرم ئەکاتەوە؟ئایا نابێت ئێمە بیرکردنەوەیەکی تر پەیرەوبکەین بۆ پەروەردەیەکی نوێ؟

* ئەم ووتارە بەشێکە لە درێژەی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و زانستی کە بەشێکی پار ساڵ لە کوردستانی نوێدا دابەزیوەو بەهیوام بتوانم تەواوی بکەم..